# ئاگاداری و روونكردنەوە بۆ رای گشتی

# دەربارەی <u>*كۆنفرانسی كوردستانی*</u>

ماوەیەكە دەزگاكانی راگەیاندن باس لە كۆنفرانسێكی كوردستانی دەكەن، كە بە پێی دەنگوباسەكان بریارە لە ماوەی ١-٢ مانگی داهاتوودا لە هەولێر ببەسترێت. دیارە ئەو دەنگوباسانە چڕبوونەتەوە بە پەیوەندی لەگەڵ راگەیاندنێكی سەرۆك كۆماری عیراق، جەلال تالەبانی، لە كاتی سەردانەكەی بو توركیا كە كۆنفرانسێكی ئەوها لە هەولێر دەبەسترێ.

ئێمە <u>دەستەیەك لە رووناكبیرانی كوردستانی</u> كە هەر بەو ناوەشەوە بەر لە چوار ساڵ (رێك لە حوزەیرانی ٢٠٠٥)دا دوو پرۆژەی كوردستانیمان پێشكەش بە بەرێزان مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی كرد، یەكێك لەو پرۆژانە پێشنیاری بەستنی <u>كۆنفرانسێكی كوردستانی</u> سەتاسەری (هەر چوار پارچەی كوردستان)ی ئەكادیمی—سیاسی بوو كە لە هەولێر ببەسترێ وە پرۆژەكەی تریشیان بیرۆكەی <u>ناوبژیوانی</u> دەسەڵاتی باشووری كوردستان بوو لە نێوان پكك و حكومەتی توركیا.

مەبەست لەو كۆنفرانسە بە رادەی یەكەم ئەوەبوو كە لە رێگەی دیالۆگێكی ئەكادیمی—سیاسییەوە گفتوگۆ دەربارەی دۆزی كورد لە هەر چوار پارچەی كوردستان بكرێ، خوێندنەوەیەك لە هەنووكەی كورد بكرێ و تەسەوورێكی كوردستانیش بۆ داهاتوو گەڵاڵە بكرێ. . . جگە لە ژمارەیەك گوتاری ئەكادیمی كە دەبوو لە لایەن شارەزایانی كورد و بیانی پێشكەش بكرێن، مەبەست بوو بەشێكی گرنگی كۆنفراسیش بۆ چوار وركشۆپی هاوتەریب (بۆ چوار پارچەی كوردستان) تەرخان بكرێ. هەروەها بڕیار بوو كە كۆنفرانس راگەیاندنێكی كۆتایی هەمە لایەنی لێبكەوێتەوە كە تیایدا كۆمەڵێك پرەنسیپی نەتەوەیی كوردستانی لەخۆ بگرێت. . .

بە داخەوە، دوای چوار ساڵ لە خستنەڕووی ئەم پرۆژەی كۆنفرانسی كوردستانیە و كار و كۆششێكی زۆر بۆ بەجێگەیاندنی، لە دوا ساتدا بڕیاری نەبەستنی كۆنفرانس لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە درا. لە لایەكی ترەوە بە ماوەیەكی كەم دوای ئەم بڕیارە دەنگۆی بەستنی كۆنفرانسێك بە هەمان ناو (كۆنفرانسی كوردستانی) سەریهەڵدا. لە رۆشنایی ئەو پێشوەچوونانە بە پێویستمان زانی ئەم روونكردنەوەیەی بەردەست بدەینە رای گشتی كوردستانی:

**١)** دوای ساڵێك لە پێشكەشكردنی پرۆژەی كۆنفرانسی كوردستانی واتە لە هاوینی ٢٠٠٦ شاندێك لە *دەستەیەك لە رووناكبیرانی كوردستانی* چاوی كەوت بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، بەرێز نێچیرڤان بارزانی، بۆ بەرجەستەكردنی پرۆژەی كۆنفرانس و بەدەستهێنانی پشتگیری ئەو بۆ بیرۆكەكە. بەرێزیان زۆر بە گەرمی و بە هەڵوەستەیەكی شایستەوە پێشوازی لە بیرۆكەی كۆنفرانس كرد و جختی لەسەر بە سەربەخۆی و بێلایەنی هێشتنەوەی هەوڵەكەمان كرد و گفتی ئەوەشی دا كە هەر چی لە توانایدا بێت درێغی نەكات لە پێناو سەرخستنی كۆنفرانس. هەر بۆ ئەو مەبەستەش بودجەیەكی تایبەتی بۆ ئامادەكاری و ئەنجامدانی كۆنفرانس تەرخانكرد وە دواتر زیاتر لە چوار جار، وەك بایەخدان و بەدواداچوونی ئامادەكاریەكانی كونفرانس، لەگەڵماندا كۆبوویەوە. لە رۆشنایی ئەو پشتگیری و ئیلتیزامەدا، كۆمیتەیەكی ئامادەكاری كۆنفرانس بە مەبەستی ئەنجامدانی لایەنە پراكتیكیەكانی كۆنفراس پێكهات. كۆمیتەكە هەر لە دەستەی روناكبیرانی كوردستانی و چەند ئەندامێكی تر و نوێنەری بەرێز نێچیرڤان بارزانی پێكهات.

**٢)** بۆ ئەوەی ئامادەیی باشتری بۆ بكرێت، كۆنفرانسەكە دوو جار دواخرا وە دوا جار بڕیار وابوو كە لە ١٦ و ١٧ و ١٨ی مانگی ئوكتۆبەری ساڵی رابردوو (٢٠٠٨) لە هەولێر ببەسترێ بە بەشداری نوێنەرانی زۆربەی هەرە زۆری حیزبە كوردستانیەكانی هەر چوار پارچەی كوردستان، ژمارەیەكی زۆریش لە نوێنەرانی كۆمەڵگەی مەدەنی و كەسایەتی سیاسەتمەدار و ئەكادیمیكار و ناوەندەكانی لێكۆڵینەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری كوردستان بە هەر سێ سەرۆكایەتیەكەیەوە. هەروەها بڕیار بوو ژمارەیەكی شایستە لە پسپۆڕانی بیانی، شارەزا لە بواری مێژوو و سیاسەتە كوردیەكان (لە ئەوروپا و ئەمریكاوە)، ئامادەی كۆنفرانس بن. بەڵام، بە داخەوە، دوای ئامادەكاریەكی یەكجار زۆر، كە كات و وزەیەكی زۆری بردین، وە دوای ئەوەشی كە بە رەسمی بانگهێشتی مێوانەكانیش كرابوو وە ئامادەكاری جێگەورێگەی كۆنفراس تەواو بووبو وە بگرە هەندێك لە مێوانانی كورد و بیانی بە مەبەستی

بەشداری لە کۆنفرانس گەیشتبوونە کوردستانیش، لە ناکاودا (لە سەرەتای ئۆکتۆبەر) بڕیاری نەبەستنی کۆنفرانس لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە بە کۆمیتەی ئامادەکار ڕاگەیەندرا.

٣) بە داخەوە تا ئێستا ئێمە، وەك دەستیەك لە ڕووناکبیرانی کوردستانی، وردەکاریەکانی بڕیاری لە ناکاوی ڕاگرتنی کۆنفرانسی کوردستانی بە تەواوەتی نازانین وە تا ئێستا لەگەڵ چاوەڕوانیەکی زۆر، بە نوسراو لە وردەکاریەکانی بڕیاری نەبەستن و لایەنە ئالۆزەکانی ئەو بڕیارە ئاگادار نەکراوینەتەوە؛ تەنیا ئەوە نەبێ کە گوایە بارودۆخ ڕێگە بە بەستنی کۆنفرانسێکی لەو شێوەیە لە هەولێر نادات. لە ڕاستیدا ئێمە وەڵامی ئەو نامەیەشمان نەدراوەتەوە کە تیایدا داوای کۆمەڵێك ڕوونکردنەوەمان دەربارەی بڕیاری نەبەستنی کۆنفرانس کردبوو.

٤) گرنگە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە لە ماوەی ئامادەکاری بۆ کۆنفرانس، کۆبوونەوەی چڕ و دوور و درێژ لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەدا کراوە کە مەبەست بووە هەڵوێستیان لەمەڕ کۆنفرانس بزانرێ و بیرۆکەی پرۆژەکە لایان بەرجەستە بکرێ و دواتر بانگهێشت بکرێن بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسدا. دیارە لەم ڕاگەیاندنەی بەردەستدا ناکرێ ناوی هەر هەموو ئەو کەس و لایەنانە بهێنرێ کە بۆ ئەو مەبەستە سەردانیان کراوە و گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە. بە هەر حاڵ ئەوەی بە تایبەتی گرنگە بۆ مەبەستی ئەم ڕاگەیاندنەی بەردەست وە پەیوەندی بە هێزە سیاسیەکانی باشووری کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی لەوێ هەیە، گرنگە ناوی هەندێ کەس و لایەن بهێنین کە سەردانیان کراوە (هەندێکیان زیاتر لە سێ جار) و پشتگیریان بۆ بەستنی کۆنفرانس بەدەست هاتووە و بانگهێشت کراون بۆ بەشداری لە کۆنفرانسدا لەوانەش  بەڕێزان کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی (جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، عومەر فەتاح (جێگری سەرۆکی حکومەت)، فازڵ میرانی (سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان)، د. کەمال فوئاد (لە بری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی و وەك ئەندامی ئەو مەکتەبە)، سەلاحەدین بەهائەددین (ئەمینداری یەکگرتوی ئیسلامی)، قادر عەزیز (سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، کەمال شاکر (سکرتێری حیزبی کۆمەنیستی کوردستان)، عەلی باپیر (ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی)، محەممەدی حاجی مەحمود (سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، قوباد تالەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (عەدنان موفتی) و جێگرەکەی (کەمال کەرکوکی) و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی و ڕەوشەنبیر و چالاکڤانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان. هەر هەموویان بە گەرمی (دیارە بە هەندێك جیاوازیەوە) پشتیوانی گەرمی خۆیان بۆ ئەو کۆنفرانسە و ئامادەبوون تیایدا دەربڕی وە بگرە هەندێکیشیان گفتی ئەوەیان پێداین کە هاوکاری بکەن بە هەرچی لە دەستیان دێت بۆ سەرخستنی کۆنفرانس. بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و سەرسورمانە ئەوەیە کە دوای بڕیاری نەبەستنی کۆنفرانس بە هەمان ڕادەی پەرۆشی بۆ بیرۆکەی کۆنفرانس بە دواداچوون و خەمخۆری لەو لایەنە سیاسیانەوە پیشان نەدراوە (هەڵبەتە دیسان بە هەندێك جیاوازیەوە). زۆر بە تایبەتی بێدەنگی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و مەکتەبی سیاسی پارتی لە مەسەلەی بڕیاری نەبەستنی کۆنفرانس بە لانی کەمەوە هەڵوێستێکی زۆر سەرسوڕهێنەر و گوماناویە. بە بڕوای ئێمە ئەو دوو حیزبە خۆیان لەو بڕیارە بەرپرسن،. . . ئەو دوو حیزبە دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەنەوە، کە ئایا بۆ تەنها بەر لە چەند مانگێك بارودۆخی باشووری کوردستان یارمەتیدەر نەبوو بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی یا کۆنگرەیەکی کوردستانی لە هەولێر بەڵام ئێستا هەمان بارودۆخ یارمەتیدەرە؟ دەپرسین ئایا ئەوە چ گۆڕانکاریەکی بنەڕەتیە کە لە جوگرافیای سیاسی کوردستان و پێگەی دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان ڕوویداوە بۆ ئەوەی ئێستا مومکین بێت کۆنفرانسێکی لەو جۆرە لە هەولێر ببەسترێ؟

بە هەر حاڵ دەبێ پەرۆشی و هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی زۆربەی هەرە زۆری هێزە سیاسی و کەسایەتیەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور و خوارووی ڕۆژئاوای کوردستان بەرامبەر بە بیرۆکەی کۆنفرانس و ئامادەییان بۆ بەشداری تیایدا بەرزبنرخێنرێت و جختبکرێتەوە.

٥) دیارە کێشەیەکی گرنگ لە ئامادەکاری بۆ کۆنفرانس مەسەلەی هەڵوەستە و ئامادەبوون یا نەبوونی پکك بوو لە کۆنفرانسدا: لە هەڵوێستدا ئەو حیزبە وا دەزانێ کە تەنها ئەوان خاوەنی بیرۆکەی بەستنی "کۆنگرەیەکی کوردستانی" وە لەبەر ئەوەش بۆیان قەبووڵناکرێ کە کەسانی تر یا هێزی سیاسی تر بیرۆکەی کۆنفرانسی یا کۆنگرەی کوردستانیان هەبێ و کاری بۆ بکەن. . . ئێمە لە

زۆر ڕێگاوه نزیکبوونەوەمان لە پکك کرد بۆ بانگهێشتکردنی بۆ کۆنفرانس؛ بۆ نموونە هەر نەبێ چوار کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی، کە پکك تیایدا باڵا دەست و بڕیاردەرە، کراوە. ئەوە جگە لە بەکارهێنانی کەناڵ و شێوازی تر بۆ زانینی هەڵویستی پکك و گەیشتن بە سەرکردایەتیەکەی و بانگهێشتکردنی بەو سیغەیەی کە هەرە شیاو بوو: کۆمیتەی ئامادەکالری کۆنفرانس سیغەی ئامادەبوونی ناراستەوخۆی بۆ پکك پێشنیار کرد: واتە پکك بەشدار نەبێت ڕاستەوخۆ لە کۆنفرانس، بەڵکو بەشداریەکەیان لە ڕێگەی ژمارەیەك کەسایەتی بێ کە خۆیان بە لایانەوە باشن، هەتا بگرە نوێنەرایەتیکردنی پکك لە لایەن کۆنگرەی نەتەوەییانەوە دیسان ئەلتەرنەتیفێکی کراوە بوو وە خستیشمانە سەر مێزی گفتوگۆ. بە داخەوە پکك کراوە نەبوو ئەو سیغانە قەبوول بکات ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری هێز و کەسایەتیەکانی تر ئەو سیغەی ئامادەبوونی ناراستەوخۆی (پکك)یان لا پەسەند بوو وە هەندێکیان کاریشیان بەو ئاراستەیە کرد. جێگەی ئاماژەشە کە ناومان لەو شێوازی ئامادەبوونی ناڕاستەوخۆی پکك نا (سیغەی کۆنفرانسی مەدریدی ١٩٩١) کە لەوێدا ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلستینی و سەرۆکەکەی یاسر عەرەفات قەبووڵیان کرد کە لە ڕێگەی هەندێ کەسایەتیەوە ناراستەوخۆ بەشداری لە کۆنفرانسی مەدریددا بکەن. جێگەی وەبیرهێنانەوەشە کە هاوکات لەگەڵ پێشکەشکردنی پڕۆژەی کۆنفرانس لە حوزەیرانی ٢٠٠٥ بە بەڕێزان مەسعود بارزانی و مام جەلال، پڕۆژەکە بە هەمان گرنگیەوە، *هاوکات*، درا بە (پکك)ش.

٦) دەبێ ئەوەش جختبکەینەوە کە نەك هەر مەبەست بوو کە کۆنفرانس لەسەر دۆزی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان رابوەستێ بەڵکو لە بەیانێکی کۆتاییدا دەستنیشانی کێشەکان و چارەسەریەکان و شێوازە هەرە شیاو و کاریگەرە نەتەوەییەکانی دیپلۆماسی کوردیش بکات، بەبێ جیاوازی پارچەکان. نەك هەر ئەوە بەڵکو خواستێکیش لە پڕۆژەکەماندا هەبوو وە دواتر لە پرۆسەی خۆئامادەکردنندا گەڵاڵە بوو ئەویش ئەوە بوو کە کۆنفرانسەکە نابێ دیاردەی تەنها یەکجار بێ؛ بە مانایەکی تر مەبەست وابوو کە کۆنفرانسەکە ببێ بە دەستپێك بۆ بەرهەمهێنانی پلاتفۆرم (مونتەدا یا مولتەقا)یەکی کوردستانی، کە وەك *دامەزراوەیەکی نەتەوەیی* بتوانی ببێتە سەرچاوەی فەراهەمکردنی *هاوئاهەنگی کوردستانی* سەرتاسەری. دەکرا لە دوارۆژیشدا هەر ئەو پلاتفۆرمە ببوایەتە دەستگا و ناوەند و دامەزراوەیەکی کوردستانی، خاوەن ستراتیژی نەتەوەیی.

٧) کۆمیتەی ئامادەکار گووتار و درووشمێکی بۆ کۆنفرانس گەڵاڵەکرد کە کرۆکەکەی (ئاشتی لە ناوەوە و ئاشتی لەگەڵ دەرەوە؛ دیالۆگ لە ناوەوە و دیالۆگ لەگەڵ دەرەوە؛ بە مانایەکی تر ئاشتی و دیالۆگی کوردی–کوردی و ئاشتی و دیالۆگی کورد لەگەڵ دەرەوە)، لە لایەکی ترەوە کۆنفرانس بە هیچ شێوەیەك مەبەستی ئەوە نەبوو کە چەکفرێدان بەسەر (پکك)دا بسەپێنێ بەڵکو لە لایەکی ترەوە بانگەشەی چارەسەری بنەڕەتی بە ڕێگەی ئاشتیو دیالۆگ جختبکرێتەوە. بە مانایەکی تر ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە بەم شێوە گووتارە دەکرێ کۆمەڵێك مەبەستی نەتەوەیی و ئیقلیمی و نێونەتەوەیی بپێکێندرێ وە بزاڤی سیاسی کوردستان بە گوتارێکی هاوچەرخ و لە رووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە "پڕ چەك" بکات.

٨) لە کاتێکدا باسی بەستنی کۆنفرانسێك لە هەولێر لەسەر پێیە، ئێمە دەربارەی ئەو کۆنفرانسە چاوەڕوانکراوە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینە روو:

أ- ئێمە وەك دەستەیەك لە رووناکبیرانی کوردستانی بە هیچ شێوەك، رەسمی یا ناڕەسمی، ئاگادار نەکراوینەتەوە لەو کۆنفرانسەی کە دەخوازرێ لە هەولێر ببەسترێ وە نە لە دوور وە نە لە نزیکەوە پەیوەندیمان بەو هەوڵی کۆنفرانسەوە نیە؛

ب- ئێمە وا دەزانین بیرۆکەی ئێمە بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی کوردستانی ڕاستەقینە وە ئەو کارەی لە ماوەی چوار ساڵدا ئەنجامماندا لەگەڵ ئامادەکاری بۆ ئەو کۆنفرانسێکی لەو جۆرە بە هیچ شێوەیەك یەکتر ناگرێتەوە لەگەڵ ئەو کۆنفرانسەی کە مەبەستە لە داهاتووی نزیکدا لە هەولێر ببەسترێ. لە لایەکی ترەوە ئەوە کەمترین ئیلتیزامی ئەخلاقییە کە ئامادەکارانی کۆنفرانسی چاوەڕوانکراو وە بە تایبەتی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی پێزانین و هەڵوێستەیەکی رەسمی پیشان بدەن لەمەڕ کاری دەستەی رۆناکبیرانی کوردستانی و کۆمیتەی ئامادەکاری. لە راستیدا تا ئێستا هیچ پێزانین و هەڵوەستەی رەسمیان دەرنەبڕیوە لەمەڕ کار و خەباتی ئێمە بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی کوردستانی راستەقینە. با پارتی و یەکێتی هەر نەبێ ئەوە بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان روونبکەنەوە ئایا بۆ بڕیاری نەبەستنی ئەو کۆنفرانسەیان دا کە مەبەست بوو لە ١٦ و ١٧ و ١٨ی ئۆکتۆبەری

پارساڵ ببەسترێت بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر کەم خۆیان کرد بە خاوەنی پرۆژەکە. . . ئاخر نەخوێندنەوە، بەڵکو بگرە سڕینەوەی، هەوڵ و خەباتی ئەوانی تر و ڕێزدانەنان بۆی وە هەندێك جاریش داگیرکردنی هەوڵ و خەباتی ئەوانی تر، پەتایەکی سیاسی کوژەرە و لە کولتوری سیاسی دیموکراسیشدا جێگەی نابێتەوە.

ج- لە گۆشەیەکی دڵسۆزیەوە بانگهێشتی هەموو ئەو هێز و کەسایەتیە سیاسی و ڕەوشەنبیریانەی کە بانگهێشتی کۆنفرانسی داهاتووی هەولێر دەکرێن، دەکەین کە نەبن بە بەشێك لە گەمەیەك کە دواجار لە بڕی سوودی نەتەوەیی زیانێکی نەتەوەیی لێبکەوێتەوە. ئەوەی کورد ئەمڕۆ پێویستیەتی ئەوەیە کە ئەو ئیرادەیە بگەڕێنێتەوە کە ساڵەهایە لەو نەتەوەیە زەوتکراوە، نەك بە بێ ئیرادە بە ویست و خواستی ئەوانیتر بجولێتەوە و ئەو ئیرادەیە پەراوێز بکات. . . !

د- ئەوەی کە بڕیارە لە هەولێر بکرێ سیفەت و کەسایەتی سیاسی کۆنفرانسی نەتەوەیی وەرناگرێ و لە باشترین حاڵەتیشدا کۆبوونەوەیەکی تایبەتیە و بۆ مەبەستێکی زۆر سنووردار و کاتی و دیاریکراوە.

هـ- زۆر گرنگە ئەو کەس و لایەنانەی کە لە میدیاکاندا پرسیاریان دەربارەی کۆنفرانسی نەتەوەیی-کوردستانی لێدەکرێ، بە تایبەتی ئەوانەی بڕیار بوو بەشداری ئەو کۆنفرانسە ببن کە ئێمە هەڵگری بیرۆکەکەی بووین و کارمان بۆ کرد، ئاگاداری ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بن و هەڵوێستی خۆیان بە ڕاشکاوی ڕوونبکەنەوە.

***دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کوردستانی***

(وەك کرۆکی کۆمیتەی ئامادەکاری *کۆنفرانسی کوردستانی: کوردستان لە جیهانێکی پڕ لە گۆڕاندا. . .*، کە بڕیار بوو لە هەولێر (لە ١٦ و ١٧ و ١٨)ی ئۆکتۆبەری پارساڵ ببەسترێ).

٢٥=٣=٢٠٠٩

---

تێبینی:

١) تکایە بۆ بینینی ئەو پرۆژەیەی کە بەر لە ٤ ساڵ پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە، بڕوانە:

http://www.burhanyassin.com/Proje%٢٠١%٢٠PDF.pdf

٢) بۆ ئاگاداری زێتر دەربارەی ئەو کۆنفرانسە کوردستانیەی کە ئێمە ماوەی چوار ساڵ کارمان بۆ کرد، تکایە بڕوانە ئەم سێ پەیوەندیەی خوارەوە:

http://www.burhanyassin.com/Alay%٢٠Azadi%٢٠٢٠٠٨-١.pdf

http://www.burhanyassin.com/Alay%٢٠Azadi%٢٠٢٠٠٨-٢.pdf

http://www.burhanyassin.com/Alay%٢٠Azadi%٢٠٢٠٠٨-٣.pdf

٣) لە پرۆسەی ئامادەکاریدا ناوی کۆنفرانس گۆڕا لە ( *کۆنگرەی کوردستانی دەربارەی کورد و پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن*) بۆ (*کۆنفرانسی کوردستانی: کوردستان لە جیهانێکی پڕ لە گۆڕندا – دیالۆگێکی ئەکادیمی-سیاسی*).